# پێواژۆی درکپێکردنی دروستەی نووسین لە زمانی کوردیدا

**شیلان عومەر حسێن[١]**
[١]بەشی کوردی ، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی ، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: shilan.hussein@univsul.edu.iq

## Abstract

This research entitled (Cognitive Processing for Writing structure in the Kurdish Language) aims to describe the mental processing behind a certain text, which is firstly the plan processing that includes producing thought and organizing ideas. Secondly, there is transfer (change) processing of the thought-related inputs and conceptual contents of the thought output that is considered as the production of the text. Thirdly, there is a review processing, which includes reviewing both reading and writing from the beginning. Since the writing processing is a mental processing, having its own regulations, competencies and skills; so the working memory rates the mental processing for the process of writing, because the main function of this memory is to restrict the processes of receiving information by human being and processing them. These are the topics that have been presented in the first section of this research.

In the second section, the smallest unit in the writing structure in the Kurdish language was taken to activate the mental processing, which is the paragraph, where the composing parts of the paragraph, their combinations and components were presented, according to the mental processing for the thought-related inputs of the text production, through which the cognitive processing of composing the writing structure has been examined and examples from the Kurdish language have been presented to validate this hypothesis.

| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
|---|---|
| بەرگ | ٦ ژمارە ١ ساڵی(٢٠٢١) |
| رێککەوتەکان | رێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/١/٣١ \| رێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/٣/١٥ \| رێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | shilan.hussein@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢١ پ.ی. د. شیلان عومەر حسێن، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## خلاصة البحث

هذا البحث المعنون (معالجة ادراك تركيبة الكتابة في اللغة الكوردية) يهدف الى وصف المعالجة العقلية وراء نص معين، والتى هي اولا معالجة التخطيط التي تشمل انتاج الفكر وتنظيم الافكار، وثانيا معالجة تحويل (تغيير) المدخلات الفكرية والمحتويات المفهومية لناتج الفكر والذي يعتبر كانتاج النص. وثالثا فان هناك معالجة المراجعة والتى تشمل المراجعة من البداية لكل من القراءة والكتابة. بما ان معالجة الكتابة هي معالجة عقلية والتى لها ضوابطها ومؤهلاتها ومهاراتها، فان الذاكرة العاملة تقوم بمعادلة هذه المعالجات العقلية لعملية الكتابة، لان الوظيفة الاساسية لهذه الذاكرة تعتبر تقييد عمليات استقبال المعلومات لدى الانسان ومعالجتها. وهذه هي المحاور التي تم تقديمها في الفصل الاول من هذا البحث.

في الفصل الثاني، تم اخذ اصغر وحدة في تركيبة الكتابة في اللغة الكوردية لتفعيل هذه المعالجات العقلية، والتي هي عبارة عن المقطع المكتوب (بركراف)، حيث تم تقديم الاجزاء المكونة للمقطع المكتوب وتركيباتها ومكوناتها، حسب المعالجات العقلية للمدخلات الفكرية لانتاج النص، حيث تم من خلالها فحص المعالجات الادراكية لتكوين تركيبة الكتابة وتم تقديم نماذج من اللغة الكوردية للتحقق من الفرضية.

**کلیلەوشە: پێواژۆی درکپێکردن، یادگەی کارکەر، دەستپێداگەیشتنەوەی کۆزانیاریی، پێکهێنانی کۆزانیاریی، تێکردەبیرییەکان، ناواخنە چەمکییەکان.**

## پێشەکی:

پێواژۆی نووسین پێواژۆیەکی فیزیکیی و ئاوەزییەو ڕێککارو توانستو لێهاتوویی خۆی هەیە، مەبەستی ئەم توێژینەوەیە پەسنکردنی ئەو پێواژۆ ئاوەزییانەیە لە پشت دەقێکەوەن و پێواژۆ فیزیکییەکان بەرجەستەیدەکەن، کە ئەوانیش پێۆاژی پلاندانانە، کە بەرهەمهێنانی بیرو ڕێکخستنی بیرەکان لەخۆدەگرێت و دواتر پێواژۆی گۆڕینی تێکردە بیرییەکان و ناواخنە چەمکییەکانە بۆ دەرکردەی بیر، کە بەبەرهەمهێنانی دەق دانراوە، لەگەڵ ئەمانەشدا پێواژۆی پێداچوونەوەیە کە سەرلەنوێ و خوێندنەوەو نووسینەوە لەخۆدەگرێت، پێکیاندەهێنن و یادگەی کارکەر ڕێژی ئەم پێواژۆ ئاوەزییانەی کردەی نووسین دەکات، چونکە ئەم یادگەیە ئەرکی سەرەکی بە کۆتوبەندکردنی کردەکانی وەرگرتنی زانیاری مرۆڤ وچارەسەرکردنی دانراوە، ئەم تەوەرانە لەبەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا خراونەتەڕوو.

بۆکارەکیکردنی ئەم پێواژۆ فیزیکیی و ئاوەزییانە بچوکترین یەکەی دروستەی نووسین لە زمانی کوردیدا وەرگیراوە، کە پەڕەگرافەو بەپێی پێواژۆ ئاوەزییەکان لە تێکردە بیرییەکان بۆ بەرهەمهێنانی دەق، بەشەپێکهێنەرەکانی پەڕەگراف و دروستەو پێکهاتەیان خراونەتەڕوو، بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەی ئەم پێواژۆیانەش ڕێبازی پەسنی شیکاریی کارییێکراوە، بەگشتی ئەم لێکۆڵینەوەیە مۆدێلی پێواژۆی درکپێکردنی نووسینی تێدابەکاربراوە ، کە تیایدا پشکنین بۆ پێواژۆ درکپێکردنی پێکهێنانی نووسین دەکات و نموونەی زمانی کوردی بۆ پاساودانی گریمانەکان پێشکەشدەکات.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## بەشی یەکەم: زمانی نووسینو پێواژۆی درکپێکردن:

### ١/١) زمانی نووسین:

زمان «پێڕەوێکی کردەی پەیوەندیی و لەیەکگەیشتنەو ئامرازێکی مامەڵەکردنی کۆمەڵایەتییە، کە تیایدا دروستە ڕێزمانییەکان بۆ دەربڕینی (چەمك/بیر/واتا )،لە دەوروبەردا بەکاردەهێنرێن، لە شێوەی چەشنەکانی زمان(ئاخاوتن،نووسین، ئاماژە، وێنە...تاد) «(حسەین،٢٠١١، ٧) دا. زمانی نووسین وێناکردنی ئاخاوتنەو شێوەیەکی زمانە، یان فۆرمێکی گرنگو میکانیزمێکی بەرجەستکراوی پێراگەیاندنی بیرە، یاخود بیرێکی گەڵاڵەکراوە، کە بە هۆی کەناڵی ئاخاوتنەوە دروستدەبێتو دەنوسرێتەوە، یان نووسین، نواندنی زمانە بە بەکارهێنانی هێماو ئاماژە، کە بە پێڕەوی نووسین ناسراوە، یاخود نووسین بە «کردەی بە کۆدکردنی پەیامو گۆڕینی بیر بۆ زمان پەسنکراوە(Byren، ١٩٨٨، ٧»، سەرەتای پێواژۆی نووسین بۆ وێنەو نەخشو هەڵکۆڵینو نووسینی سەر ئەشکەوتەکان دەگەڕێتەوە، بە پوختی پەسنکردنی پێواژۆی زمانی نووسین بەم هاوکێشەیە دەنوێنین:

١- نووسین ⟵ ( بیر+بابەت= بروا)

ئەم هاوکێشەیە کرۆکی پێواژۆی نووسین بەرجەستە دەکات، بەوەی کارامەیی نووسەر لەوەدایە کە بتوانێت بیرەکانی لە ڕێی بابەتەوە بکاتە بروا لای خوێنەرەکانی، بە شێوازو هونەرێکی وەها کە کاریگەریی و وروژاندن لای خوێنەر دروستبکات، شێوازی نووسینیش «بەو ڕێگەو شێوازو تەکنیكو میکانیزمە ناسراوە، کە نووسەرێك بۆ نووسینی بابەت بۆ جەماوەرەکەی هەڵیدەبژێرێت»(المسدی، ١٩٨٢، ٧)، بەهۆی شێوازەوە دەتوانین نووسەر دیاریبکەین، یاخود شێوازی نووسین چەمکی دۆزەرەوەی ئەو هەڵبژاردنانەیە، کە نوسەر بەپێی دنیابینی خۆی پەنا دەباتە بەر هەڵبژاردنی کۆمەڵە وشەیەكو چەشنە دروستەیەکی سینتاکسیو سەر لەنوێ ڕێکخستنەوەی وێنەکان لە ئاوەزداو دارشتنەوەی لە چوارچێوەی نووسیندا، بە چەشنێك کە وروژاندنو کاریگەری لای بەرامبەر دروستبکات، بەهۆی جۆراوجۆری شێوازی نووسینەوە، دەتوانین جۆراوجۆری بیرکردنەوەی نوسەرەکان دیاریبکەین، نووسین کە پێواژۆیەکی فیزیکیو ئاوەزییە، ڕێککارو توانستو لێهاتوویی خۆی هەیە، بۆ پەسنکردنی لایەنی ئاوەزییو درکپێکردنی کردەی نووسین، ڕێبازو میتۆدی جۆراوجۆر هاتوونەتەئاراوە، لەم باسەدا ڕێبازی درکپێکردن بۆ شیکردنەوەی پێواژۆکانی زمانی نووسین بەکاربراوە، بەگشتی ڕێبازە درکپێکردنییەکان بۆ دروستەی نووسین، بۆ ساڵانی ١٩٨٠ دەگەڕێنەوە، بەتایبەت لای ( Hayes and Flower 1980 )، لێکۆڵینەوە نوێیەکانی ساڵانی ٢٠٠٠ بەدواوە، هەوڵیاندا لەوە بگەن، کە چۆن سنورداریی پێڕەوی درکپێکردنیی مرۆڤ ، پێواژۆکانی کردەی نووسین کۆتوبەنددەکات، گەشتوونەتە ئەو بڕوایەی، کە یادگەی کارکەر(زانیارییەکان بە سێ چەشنە یادگەدا تێپەڕدەبێت):

١.یادگەی هەستی: ئەو زانیاریانەی لە ڕێگەی هەستەوەرەکانەوە وەردەگیرێن دەچنە ناو پێڕەوی چارەسەرکردنی زانیارییەکانەوەو بەجفرەدەکرێن واتە یادگەی هەستی، کە توانای مانەوەی زانیاریی تێیدا زۆر کەمەو لەبیر دەچنەوە ئەگەر مامەڵەی پێویستیان لەگەڵ نەکرێت.زانیارییەکان بە چرکە دەمێننەوە.

٢. یادگەی کارکەر- کورت-خایان: لە کردەی زانیارییەکاندا ڕِۆلَی هەیة، تا زانیارییەکان کورتبن، زیاتر دەمێننەوە لێرەدا، تا زیاتر لە هەستەوەرێك بەکاربهێنرێت زۆرتر ئەو زانیارییە دەمێنێتەوە. زانیارییەکان بۆ چەند خولەکێك دەمێننەوە.

٣. یادگەی درێژ-خایان: زانیارییەکان بۆ ماوەیەکی درێژ(لە یەك خولەك-تا کۆتایی تەمەن) بەردەوامدەبێت. زانیارییە هەمیشەییەکان، کۆزانیاریی، فەرهەنگ.. لەم چەشنەن، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە(کەمال،٢٠١٢ )( خەلیل،٢٠١٣ ).

( Working Memory )، بەرپرسە لە پێواژۆ درکپێکردنەکانی کردەی نووسین، بەپێی ئەوەی یادگەی کارکەر خۆی بە کۆتوبەندکەرێکی سەرەکی کردەکانی زانیاری مرۆڤ وچارەسەرکردنی دانراوە، لە واقیعدا یادگەی کارەکەر توانای دەستکاریکردنو تاقتکردنی زانیارییە کاتییەکانی هەیە، لەمەوە وتراوە «نووسین بارکراوە بە زیاتر لەوەی کەهەیە، یاخود پڕترە لەوەی کەهەیە»( Hayes and Flower ، 1980،

٣٣٦)، ، زۆرێك لە توێژینەوەكان لێكۆڵینیان لە كاركردنی ئاوەزی نووسەر كردووە، بەوەی كارامەیی و بەهرەمەندیی نووسەر لەوەدایە، كە لەساتەوەختی گوزەركردنی زانیارییە كاتییەكان بە یادگەیدا ڕاستەوخۆ مامەڵەیان لەگەڵدا دەكاتو چارەسەرییاندەكات، چونكە زانیارییەكان لە یادگەی كاركەردا كاتیینو بە خولەك دەمێننەوەو زووگوزەردەكەن، بۆئەمەش لێهاتوویی نوسەر دەكەوێتەوە سەر بەكارهێنانی ستراتیژە كاراكانی بەڕێوەبردنی كردەی نووسین و بریتیین، لە بەگەڕخستنی زیاتر لە هەستەوەرێكو سەرنجدانو وردەكاریكردنو پراوەكردنو ئاگاییو ئەزموونكردنی زانیارییەكانو تاقیكردنەوەیان، بەمەش ئاوەزمەندیی و بەهرەمەندییو هونەرمەندیی نوسەر هەمبەر بە كەسانی ئاسایی دەردەكەون، پێواژۆكان بەرجەستەكەری ئەم گریمانەیەن.

## ٢/١) پێواژۆی دركپێكردنی زمانی نووسین:

بۆ پەسنكردنی مۆدێلی پێواژۆی دركپێكردنی كردەی نووسین، دوو بابەت هەژمووونی بەسەر تیۆرە دەروونییەكانی پێواژۆی دركپێكردنی كردەی نووسیندا گرتووە، ئەوانیش: «١. نووسین بریتی نییە لە گواستنەوەی بیرەكان بۆ دەق بە تەنها، بەڵكو لەگەڵیشیدا بریتییە لە خولقاندنی ناواخنەكانو تەنینی تانوپۆی بابەتەكانە بەپێی پێویستی وەرگرەكان. ٢. لەبەرئەوەی كردەی نووسین لە تێكچڕژاوی ڕستێك لە پێواژۆوە جیاوازەكان پێكهاتووە، بەوەی هەم كردەو پێواژۆیەو هەمیش بەرهەمە، ئەمەش پێویستی بە توانستی باڵای یادگەی كاركەرە، بۆ ئەمەش پێویستە نووسەر پەرە بە ستراتیژە كاراكانی بەڕێوەبردنی كردەی نووسین بدات»( Galbraith،٢٠٠٩ ، ٧)، لەمەشەوە خودی نووسین وەك بەرهەمهێنانی دەق بریتیە، لە مۆدێلی پێواژۆی دووانەیی كە لە كارلێكی نێوان پێواژۆی بیركردنەوەی باڵاو كارامەییە ئاوەزییە باڵاكانو پێواژۆی زمانەوانی كە بەرهەمهێنانی هەموو دەقێك لەخۆی دەگرێت پێكهاتووە، لە تیۆری شارەزایی نووسینی (Hayes & Flower ١٩٨٦ )دا ، بە پوختی بۆ ئەم مۆدێلە جیاكاریی لە نێوان سێ پێواژۆی كرۆكی نووسیندا كردووە، «یەكەمیان پلاندانان، كە بەرهەمهێنانی بیرو ڕێكخستنیو دەستنیشانكردنی ئامانج وەك پێكهاتەكانی دیاریكراون. دووەم، گۆڕین كە وەرگێڕانو گواستنەوەی پێكهاتەی پلانە بۆ دەق، بە واتا پێواژۆی گواستنەوەی ناواخنە چەمكییەكانە بۆ فۆرمە زمانییەكان. سێیەم، پێداچوونەوە، كە خوێندنەوەو نووسین لەخۆدەگرێت، ئەم پێواژۆیانەش بەپشتبەستن بە دووجۆر زانیاریی بەگەڕدەخرێن:ا. بەرجەستەكردنو نواندنی ئەو زانیارییانەی لە ژینگەی دەورووبەرەوە وەردەگیرێن، كە ئەركی نووسینو بەرهەمهێنانی دەق لەخۆدەگرێت. ب. كۆزانیاریی هەڵگیراو لە یادگەی درێژ-خایاندا، ئەمیش ئاگایی لەسەرباسو مۆدێلی وەرگرانو بەرنامەی نووسینو یاساو دەستوری زمانو زانینی پێوەرەكانی دەقێكی نموونەیی لەخۆدەگرێت» (Galbraith ، ٢٠٠٩ ، ٨)، لەمەوە دەبینین سروشتی گەڕانەوەو دووبارەبوونەوەو زنجیرەیی پێواژۆكان لەم مۆدێلەدا خاڵێكی بنەڕەتییەو هەریەك لە پێواژۆكانی( پلاندانانو گۆڕین و پێداچوونەوە)، وەك بنەمایەك لەهەموو چركەیەكی كردەی نووسیندا ئەگەری ڕودانییان هەیەو ئەمەش لەخۆیدا ئاماژە بە پێواژۆ دركپێكردنییەكانی كردەی نووسین دەدات، زیاتر لەوەی ئاماژە بە قۆناغەكانی كردەی نووسین بدات، هەماهەنگیی نێوان ئەم پێواژۆیانە بەرپرسیارێتی چاودێرو بەگەڕخەرو بەئاگاهێنەرەوەیەكە، كە لەم مۆدێلەدا بە مۆنیتەر/ بەگەڕخەر دەستنیشانكراوەو ڕۆڵی كارای لە ڕێژیكردنی پێواژۆكانی نووسیندا هەیە، بڕوانە هێڵكاری(١):


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360




هێلكاری(١)

پێواژۆی دركپێكردنی كردەی نووسین

یەكێك لەدەرەنجامە ئەرێنییەكانی ئەم مۆدێلە ئەوەیە كە پەسنی جیاكاری لە نێوان نووسەری شارەزاو پسپۆڕو نووسەری نوێدا كردووە، بە واتایەكی دی جیاكاری لە نێوان نووسینی نموونەیی‌وبالاو نووسینی سەرەتاییدا كردووە، بەوەی نووسەری نموونەیی بنیادی ئامانجەكانیان بە شێوەیەكی وردترو فراوانتر دەنوێنن‌و پەرەدان بەم نواندنە لەسەرانسەری نووسینەكەدا بەردەوامدەبێت‌و بەتایبەت لە پەرەدان بە ئامانجە ڕەوانبێژییەكانی سەرتاپای دەقەكەداو بەكارهێنانی بەمەبەستی گەڕانەوە بۆ ناواخنی دەقەكە، لەكاتێكدا نووسەری سەرەتا/نوێ، پشت بە ئامانجە ناواخنییە بەرجەستەییەكان/كۆنكرێتییەكان دەبەستێت، لەمەوە نوسەری نموونەیی پێواژۆی پلاندانان فراوان‌و وردتردەكاتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە نواندنە چەمكییەكانیان وردترە بۆیە پێویست دەكات پێواژۆكانی تری گواستنەوەو پێداچوونەوەش زۆر وردەكارانەتر بكات، لەبەرئەوەیە نووسەری نموونەیی هەڵسەنگاندن بۆ نووسینەكەی بەپێی ئەركی سەرەكیی پەیوەست بە ئامانجەكەی دەكات نەك بەپێی ئەوەی ئایا ئەم دەقە گوزارشتكارە یان نا، بۆئەمەش بەبەردەوامی پێداچوونەوەو ڕێككاریی بۆ نووسینەكەی دەكات. Bereiter & Scardamalia (١٩٨٧) ئەم جیاوازییەیان، بە جیاوازی نێوان «مۆدێلی دەربڕینی كۆزانیاری نووسین‌و مۆدێلی گۆڕین‌و گواستنەوەی كۆزانیاریی نووسین، پوختكردۆتەوە» Galbraith، ٢٠٠٩، ١٢).

مۆدێلی دركپێكردنی نووسین بەگشتی جەخت لە كردەی بیركردنەوە بۆ بەرهەمهێنانی دەق دەكاتەوە ، بەوەی سروشتی بیركردنەوە لەپشت دەقەوە دەكەنە پێوەر، بەتایبەت لەكارەكانی دواتری Hayes (١٩٩٦) دا ، (Hayes) بەم شێوەیە پێداچوونەوەی بۆ پێكهاتەكانی پێواژۆكانی دركپێكردنی كردەی نووسین كردووە، بەوەی «پێكهاتەی پلاندانان یەكێكە لە پێكهاتەكانی یەكەی كردانەوەو گشتیترە، پێواژۆی گۆڕینیش بە بەرهەمهێنانی دەق ناودێریكردووە، پێواژۆی پێداچوونەوەش، وەك كردەیەكی لێكدراوو تێكچڕژاوی نێوان پێواژۆوە بنەڕەتییەكانی لێكدانەوەی دەق، كردانەوەو بەرهەمهێنانی دەق لەخۆدەگرێت، لەوەش زیاتر یادگەی كاركەر لەم مۆدێلەدا وەك مۆدێلی یادگەی كاركەری فرە پێكهاتەیی، نەك وەك سەرچاوەو ژێدەرێكی گشتی بەكاربراوە»( Hayes، ١٩٩٦، ١٦-١٣).

Kellogg (٢٠٠١) مۆدێلی یادگەی كاركەری لە نووسیندا پێشكەشكردووەو بەپێی ئەم مۆدێلە، یادگەی كاركەر لەسێ پێكهاتەی سەرەكی پێكهاتووە: «ناوەندی جێبەجێكار، بازنەی فۆنۆلۆژی، پادی وێنەكێشانی بینراوو شوێنیی»(Galbraith،٢٠٠٩، ١٤)، ناوەندی جێبەجێكار لە بەدەستهێنانەوەی زانیارییەكان بەرپرسە، لە یادگەی درێژخایانەوە، ڕێژیكردنی سەرنجدانەكان، سەرپەرشتكردنی پێرەوەكە بەگشتی‌و هەماهەنگیكردنی چالاكی وەچە پێڕەوەكانی تر، ئەم پێكهاتە ناوەندییانە پاڵپشت‌و ڕێژیی كردەكانی وەچە پێڕەوەكانی لەلایەن بازنە/ زنجیرەی

فۆنۆلۆژییەوە دەکرێت، کە پارێزەرو هەڵگری کەرەستە زارەکییەکانە لە یادگەی کاراداو لەگەڵ پادی وێنەکێشانی بینراووشوێنیدا، کە پارێزەرو هەڵگری کەرەستە بینراو و شوێنییەکانە لە یادگەی کارادا، بڕوانە هێڵکاری(٢):

| پێواژۆی نووسین | پێکهاتەی یادگەی کارکەر | | |
|---|---|---|---|
| | بازنەی فۆنۆلۆژی | ناوەندی جێبەجێکار | پادی بینراوو شوێنیی |
| پلان | √ | √ | √ |
| گۆڕین | √ | √ | √ |
| بەرنامەڕێژی | | √ | |
| جێبەجێکردن | | √ | |
| خوێندنەوە | √ | √ | |
| نووسین | | | √ |

هێڵکاری(٢)

مۆدێلی یادگەی کارکەر لە کردەی نووسیندا (Kellogg (٢٠٠١))

Chenoweth & Hayes 2001 پەرەیان بەم مۆدێلەداو وردەکارییان لە بەرهەمهێنانی دەقدا بۆ ئەم پێواژۆیانە گەڕاندۆتەوە( Kellogg، 4 ،2008)و(Galbraith ، 2009، 11):

١.پێواژۆی دەستپێداگەیشتنەوەی کۆزانیاریی knowledge retrieval process: بریتیە لە کردەی گەڕاندنەوەو دەستپێداگەیشتنەوە بەو بیرانەی کە پێکهێنراون‌و کۆزانیاریی هەڵگیراون لە یادگەی درێژخایاندان‌و دەگۆڕێن بۆ دەق، کە بە گۆڕینی کۆزانیاریش پەسنکراوە، ئەمەش بە سەرلەنوێ پێداچوونەوەو ڕێکخستنەوەی کۆزانیاریی‌و هەڵاوێرکردنی یەکە جۆراوجۆرەکانی، کە لەبنیاتی کۆزانیاریدا هەن(بۆ وردەکاریی زیاتر بڕوانە(حسێن،٢٠١٤، ٤-١٠))، لەپێناو دارشتنی ناواخنی نوێدا بەئاکامدەگەیەنرێت.

٢.پێواژۆی پێکهێنانی کۆزانیاریی knowledge constituting process: بریتیە لە کردەی پێکهێنانی ناوەڕۆك، لەئەنجامی پەیوەستبوونی یەکەی هێمایی هەڵگیراو کە ناواخنکراوە لە پێڕەوی یادگەی سیمانتیکییدا، ئەو دەرکردەیەشی کە بەرهەمدێت بریتیە لە ڕێکخستنێکی ناوەکییانەی ناوەڕۆکەکان لە یادگەی سیمانتیکیدا، دەرەنجامەکەشی ئەوەیە کە ناوەڕۆکی نوێ دەتوانرێت وەك پێکهێنانی کۆزانیاریی لە یادگەدا هەڵبگیرێت.

## بەشی دووەم: دروستەی نووسین لە زمانی کوردیدا:

### ١/٢) یەکەی نووسین:

ئەرکی ئەم بەشە پەسنکردنی ڕێککارەکانی بە کۆنکرێتکردنی ئەو پێواژۆ فیزیکیی‌و ئاوەزییانەی نووسینە، کە خودی کردەی نووسین دەنوێنن، ئەمەش بەبەرجەستەکردنی تێکردەبیرییەکانە لە ناو چوارچێوەی ڕستەکاندا، بەوەی کە کردەی نووسین بیرێکی گەڵاڵەکراوە بە تۆمارکراوی، دەپرسین ئەم بیرە چۆن گەڵاڵەدەکرێت‌و چۆن بە وشەو ڕستەکان دەهۆنرێتەوە؟ هەموو نووسینێك لە گردبوونەوەی دێڕەکان پێکهاتووە،


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

دێڕێکیش دەگونجێت ڕستەیەك یان زیاتر بێت، بە کۆمەڵە ڕستەیەکی پەیوەستدار پێکەوە دەوترێت پەرەگراف (Paragraph)، پەرەگراف «کلێشەیەکی نووسینەو گوزارشتکردنە لە بیرێك، کە بە کۆمەڵە ڕستەیەك هێمای بۆ دەکرێت»(Zemach& Islam، ٢٠١٢، ٩)،لە نووسینی ئەکادیمییدا پەرەگراف بریتیە لە یەکەیەکی بچوکی نووسینو جەخت لە سەر یەك بیرۆکە دەکاتەوەو پەرەیپێدەدرێت، یان پەرەگراف کۆمەڵە ڕستەیەکی پەیوەستدارە پێکەوە، کە دەربڕی یەك بیرە، دەکرێت بە تەنهاو سەربەخۆ بێت، یان درێژە بە بیری پەرەگرافەکە بدرێتو ببێتە پێکهێنەری فۆرمەکانی تری نووسین، وەك:(وتار، نامیلکە، چیرۆك، ڕۆمان،...).

پەرەگراف بە «گروپێکی (٣-١٠) ڕستەیی، واتە (٥٠-١٠٠) وشەیی، کە دەربارەی یەك سەرباسە(تۆپیك) دانراوە»سەرەتای هەموو پەرەگرافێکیش بەوە دەناسرێتەوە دەبێت بۆشاییەك بەجێبهێڵرێتو لە کۆتایشدا خاڵێك دابنرێت»( Zemach& Rumisek، ٢٠١٢، ١١)، ئەمانە هێمان بۆ دەستپێکردنوکۆتایی بە پەرەگرافو ئاماژە بەوە دەدەن، کە خوێنەر بزانێت بیری سەرەکی ئەم پەرەگرافە لە کوێیەوە دەستپێدەکاتو لە کوێدا کۆتایی دێت.

بە پوختی پەرەگراف بە نووسینێکی بچوککراوە دانراوەو ئاشنابوون بە دروستەو پێکهاتەی پەرەگراف لەخۆیدا پەسنکردنی دروستەو پێکهاتەی نووسینە بەگشتی، کەواتە پەسنکردنی دروستەی نووسین لە خستنەڕووی دروستەی پەرەگرافەوە هەڵدەهێنجرێتو سەرچاوەدەگرێت.

## ٢/٢) دروستەی پەرەگراف:

زاراوەی دروستە ( structur) «مەبەست پێی چۆنێتی خستنەتەکیەکی کەرەستەکانە(توخمەکانو گۆکردنیان)، کە دەبێت توخمەکانی لەڕوی سینتاکسییەوە دروست و لەڕوی سیمانتیکییەوە ڕاست و لەگەڵ یەکتریدا گونجاو بن»(مەحوی،٢٠١١، ٣٧)، دروستەی پەرەگرافیش ڕستێك لە توخمو پێکهاتە تانوپۆی ڕایەڵەکانی دەنەخشێنن، کە ڕستەکانو هەر ڕستەیەو بەپێی جێکەوتەو هاتنی لە دروستەی پەرەگرافەکەدا بەشێکی پەرەگرافەکە پێکدەهێنێتو بریتین لە(Zemach& Rumisek، ٢٠١٢، ١٢-١٧):

یەکەم: ڕستەی/ بەشی پێشەکی Introduction:

ڕستەی دەستپێکردن/سەرباسی/ سەرەکیشی پێدەوترێت، بریتیە لە ڕستەی بیری سەرەکی پەرەگرافەکە، بە گرنگترین بەشی پەرەگراف دانراوە، یەکەم ڕستەی پەرەگرافەو دەکرێت لە ناوەڕاست یان کۆتایی پەرەگرافیشدا بێت، بە ڕاستەوخۆیی بیری سەرەکی نوسەر لە ناو بەشی پێشەکیدایە، دەگونجێت دێڕێك بێت یان زیاتر، بەشی پێشەکیش پێکهاتووە لە:

ا. سەرباس(تۆپیك)/بابەت: ڕستەی سەرباسی بریتیە لە بابەتی سەرەکی ڕستەکە، ڕستەی گرنگی پەرەگرافەکەو هەموو بەشەکانی تری پەرەگراف بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بەشەن.

ب. بیری سەرەکی: بریتیە لە تێڕوانینو بۆچوونو دیدگای نووسەر لەسەر سەرباس/بابەتەکە، یان ئەو هەوڵەی کە نووسەر دەیدات بۆ گواستنەوەی سەرنجو پەیامی خۆی دەربارەی سەرباسەکە بە خوێنەرانی، بە واتا خودڕوانینە لە سەرباس/ بابەتەکانو» بینینی بابەتە بەچاوی خود»(حسەین، ٢٠٠٦، ١٢٣)،وەك:

١- خـوشکەکەم باشترین هاوڕێمە.

سەرباس بیری سەرەکی

٢- بیرکردنەوە بنەمای زانستی زانیارییەکانە دەبێت ئاگایانەوئەرێنیانە ئاڕاستەی بکەین.

سەرباس بیری سەرەکی

ئەم بەشە کارەکیکردنی پیواژۆی پلاناندان لە خۆدەگرێت، بەوەی ئەو بیرەی کە نووسەر هەیەتی دەربارەی بابەتێك (لەئەنجامی دەستپێداگەیشتنەوە بە کۆزانیارییەکانی)، دەبێت بەم شێوەیە لە چوارچێوەی نووسیندا ڕێکیبخات.

## دووەم: بەشی ناوەڕۆك tnetnoC:

بەدوای بەشی پێشەکیدا کۆمەڵێك ڕستە دێن، کە بەبەشی ناوەڕۆك یان پشتگیری دەسنیشانکراون و ئەرکی ئەم بەشە تاووتوێکردنو ڕونکردنەوەو پەرەپێدانە بە بیری سەرەکی ، کە پەیوەست بە سەرباسی بەشی یەکەم خراوەتەروو، لێرەدا پێویستە ئەو بیرە پەرەپێبدرێتو فراوانبکرێتو نووسەر بتوانێت کاریگەریو بڕوا لای بەرانبەرەکانی دروستبکات، ئەمەش دەکەوێتە سەر چۆنێتی گۆڕینو گواستنەوەی ناواخنە چەمکییەکان بە وشەو ڕستەکان لە دروستەی پەرەگرافەکەدا، کە پێواژۆی گۆڕین پەسندەکەن، بۆئەمەش ڕێبازەکانی نووسین لەم بەشەدا بەکاربراوە، دەتوانرێت بە گێڕانەوە، هێنانەوەی ڕاستیو بەڵگەنەویستی، شیکردنەوەو پەسنکردن، یان بەراوردکردنوئامارکردن، کە ئەمانە جۆری ڕێبازی نووسین وەك پەسنکردن\وەسفکردن، گێڕانەوەیی، بەراوردکردن، پۆلێنکردن، شیکردنەوەیی... دیاریدەکەن، هەموو ڕستەکانی بەشی ناوەڕۆك دەبێت پەیوەستبن، بەو بیرە سەرەکییەی لە ڕستەی سەرباسیدا خراوەتە ڕوو، ڕستەکانی ناوەڕۆك/پشتگیری ئەو ڕێگایانەن، کە ڕونیدەکەنەوە بیرەکە چۆن جێبەجێبکرێت یان بخرێتە ڕوو، بۆ کارەکیکردنی ئەم بەشە ، ئەو بیرەی لە نموونە(٢)دا خراوەتەڕوو، لە پەرەگرافی (١)دا خراوەتەڕوو، بەشێوەیەك ئەو بەشەی کە تۆخکراوە بەشی پێشەکییەو ئەو بەشەشی هێڵی بەژێردا هاتووە

### بەشی ناوەڕۆکە:

١.بیرکردنەوە بنەمای زانستی زانیارییەکانە، دەبێت ئاگایانەوئەرێیانە ئاراستەی بکەین. <u>Loa Tzu لەم بارەیەوە دەڵێت:" وریای بیرکردنەوەکانت بە دەبن بە وشە، وریای وشەکانت بە دەبن بە کردار، وریای کردارەکانت بە دەبن بە خو، وریای خوەکانت بە دەبن بە کەسایەتی، وریای کەسایەتیت بە دەبن بە چارەنوس، بەم پێیە بیرو بیرکردنەوەکانمان دەبنە سەنگی مەحەك بۆدیاریکردنو ڕەنگرێشتنی کەسایەتیمان لە داهاتووماندا</u>، بۆیە دەبێت وریایانەوئاگایانەوئەرێنیانە بەپرۆسەی بکەین، تا کەسایەتیەکی دروستمان هەبێت.

### سێیەم: ڕستەی/ بەشی کۆتایی/ ئەنجام:

ئەو بەشەی پەرەگرافە کە کورتە یان سەرنج یان تێچین دەدات، لەسەر بیرە سەرەکییەکەی بەشی پێشەکی، ڕستەکانی بەشی کۆتایی، ئەرکییان داخستنو کۆتایی هێنانە بە بیری پەرەگرافەکە، ئەمەش بە گەڕانەوە بۆ بیری سەرەکی پەرەگرافەکە دەبێت، بەوەی وشەو فرێزە (کلیلیەکان)ی ڕستەی سەرباسی دوبارە بکاتەوە، یان پارا وشەو پارافرێزو پارا ڕستە بکرێنەوە، یان ئەنجامێك بە دەستبهێنرێتو بخرێتەڕوو، بڕوانە ئەو بەشەی بەخواری نوسراوە لە پەرەگرافی(١)دا.

### چوارەم: بەشی ناونیشان:

ناونیشانبریتیە لە ناوو پێناسەو پەسنکردنی ناواخنی نووسینەکەو ڕێنموییو ڕێبەرێتی خوێنەر بۆ (بەرهەمەکە) دەکات، واتە ئەو دەبێتە کلیلو ڕێنموکار بۆ خاڵی سەرەکی نووسینەکە، هەمیشە ناونیشان بریتیە لە وشەو فرێزی پەیوەستدار، لە ڕستەی تەواوکەری پێکهاتووە، هەموو چەشنە وشەکانی ناونیشان دەبێت بە گەورەیی بنووسرێن، لە ناونیشاندا نابێت نیشانەی قسەی وەرگیراو هەبن، لە دانانی ناونیشاندا دەبێت ڕەچاوی ئەمانە بکرێت(بۆکانی،٢٠١٦، ٥٤):

١. کورتو پوخت بێت. ٢. وردو دیاریکراوبێت. ٣. گشتگیربێت، ناواخنی باسەکە لەڕووی(کێشە، ئامانج، کات، شوێنو دەوروبەر) لەخۆبگرێت.

## پێنجەم: بەشی یەکێتیی بابەت:

یەکێتیی بابەت، بریتییە لە یەکپارچەیی هەموو ڕستەکانی پەڕەگرافەکە لەڕوی بابەتەوە، بەواتا هەموو ڕستەکان بە سەرباسەکەوە پەیوەستبن و پەرە بە بیری سەرەکی بدەن، ئەگەر ڕستەیەك یان بابەتێك لە پەڕەگرافەکەدا پەیوەست نەبن بە بیرە سەرەکییەکەوە، ئەوا پەڕەگرافەکە لەڕوی یەکگرتنەوە، کەم بەها دەبێتو یەکێتی بابەتی تێدا ڕەچاونەکراوە.

## شەشەم: بەشی پەیوەندیی لۆژیکی/پەیوەستبوونی بیریی:

پەیوەندییە بیرییەکان تایبەتمەندییەکی تری گرنگی پەڕەگرافن، لە نووسیندا بیرەکان بە لۆژیکی ڕێکدەخرێن. بیرەکان و ڕستەکان لە ڕێکخستنێکدان کە چەمك بۆ خوێنەر بەرهەمدەهێنن، بەوەی هۆو ئەنجامەکان بە زنجیرەیی بەدوای یەکدا بێن، بیرۆکەکانی ناو ڕستەکان بە ڕیزبەندییەك ڕێکخرابن بەلای خوێنەرەوە واتا بگەیەنن، ئەگەر بیرۆکەکان بەشێوەیەکی لۆژیکی ڕێکخرابن ئەوا خوێنەر بەئاسانی دەتوانێت پەی بە پەرەسەندنی بیرۆکەکان بەرێت، خوێنەر بەخێرایی تێدەگات کە بیرۆکەی سەرەکی چییەو شوێنپێی بیرکردنەوەی نووسەر هەڵدەگرێت، بە پوختی پەیوەندی لۆژیکیی لە دروستەی پەڕەگرافدا بەمانە دەنوێنرێن:

ا. بەهۆی وشە پەیوەستکەرەکانی، وەك (بەڵام، کەی، لەبەرئەوە، لەگەڵ ئەوەشدا...)، دەرخەری ئەم پەیوەندییەن.

ب. ڕێکەوتن و گونجانی هەڵبژاردەی تاف و کەس.

پ.ئەنافۆرو کاتەفۆر:بریتیە لە پەیوەندیی نێوان ناوو جێناوەکان، ئەنافۆر بریتیە لە کردەی دووبارەکردنەوەی وشەیەك، بەمەبەستی جەختکردنەوە یان کاریگەریی، یان سەرنجپێدان، لە ڕێزماندا جێناوەکان ئەم ڕۆڵەدەگێڕن"بە کردەی ئاماژەدانی جێناوێك بە هەبوویەکی پێش خۆی لە ڕستە یان دەقدا دەوترێت ئەنافۆر، هەرچی کەتافۆریشە بریتیە لە ئاماژەدانی جێناوێك بە هەبوویەك کە لە دوای جێناوەکەوە لە ڕستە یان دەقدا دێت»( فەرەج،٢٠٠٠، ٦٠، ٦٩)، وەك:

٤. سەگەکە پشیلەکە ڕاودەنێت، ئەو یاری لەگەڵ ئەودا دەکات.

ئەنافۆر ئەنافۆر

٥.ئەو بەهێزترین کەسێتی هەیە، ئەو کەسێکی زۆر مەزنە، ئەو زۆر میهرەبانە، ئەوکەسە باوکمە.

کەتافۆر کەتافۆر کەتافۆر کەتافۆر

ت.خاڵبەندی:تەکنیکێکی زمانە، نیشانەکانی خاڵبەندی بریتین لە کۆمەڵە ئاماژەو هێمایەکی وێنەکراوی گۆنەکراو، کە نووسەر بۆ گەیاندنی واتایەکی دیاریکراو پەنایان بۆدەبات، یان خۆیان بۆ خۆیان لە ڕستەدا ئەرکێکی دیاریکراو دەبینن، وەکو پرسیاریی و سەرسوڕمان یان بۆ ڕێکخستنی ناوەڕۆکی دەقێكو خوێندنەوەی بەشێوەیەکی ڕاست بەکاردەهێنرێت.

## حەوتەم: بەشی پەیوەندیی ڕێزمانیی :

بریتییە لەڕستەی ڕێزماندروستی واتادروستو بەکارهێنانی ئامرازەکانی پێکبەستن بۆ پەیوەستکردنی بیرەکانو بۆکەمکردنەوەی دووبارەبوونەوەی بێزارکەرانە، دەبێت ڕستە بەئاسانی ڕێنموییکەری ڕستەی دواتری بێت، لێرەدا بەچەند ڕێگایەك ئەم پەیوەندییە پەسندەکەین، ئەویش دووبارەکردنەوەی بیرەکان، پەیکاڵی جێناوەکان، وشە پەیوەستدارەکان، چوار چەشن وشەی پەیوەستدار دیاریکراون، هەموویان دەتوانرێن بۆ پەیوەستکردنی ڕستەکان یان ڕستیلەکان و بۆ پیشاندانی پەیوەندی بیرەکان بەکاربهێنرێن. ئەوانیش بریتین لە( Zemach& Rumisek، ٢٠١٢، ٢٢):

١.وشە سەرەکییەکان لە ڕستەکاندا key words: وشە سەرەکییەکان ئەو وشەو دەستەواژانەن، کە بۆ دەستپێکی ئاخاوتنو نووسین بەکاریاندەهێنین ، بەمەبەستی پەیوەستکردنی بیرەکان پێکەوە، ئەوان بەشێکی دروستەی ڕستەکان پێکدەهێنن، وەك ئەمانەی هێڵیان بەژێردا

هاتووه له ( ٦، ٧)دا:

٦. پیرمدەکەوێتەوە ئەو ڕۆژەی کە......

٧. له پیرم دێ سولەیمانی کە دارولمولکی بابان بوو

نەمەحکومی عەجەم نە سوخرە کێشی ئالی عوسمان بوو

٢. تەکخەر/ تەکخراو coordinators : تەکخەرەکان بریتین لە مۆرفێمی خستنەتەکیەکی (و، بەڵام، یان، لەبەرئەوە..)، کە دوو ڕستە/ ڕستیلەی سەربەخۆ دەخەنە تەکیەك بۆ دروستکردنو پێکهێنانی یەك ڕستە، وەك:

٨. دەمەوێت قسەی لەگەڵدا بکەم، بەڵام دەترسم.

٩. هاتم چاوم پێتانبکەوێت و بڕۆم.

٣. ڕستیله: له زماندا یەکەی بنەڕەتیو سەرەکی نووسین بریتیە لە ڕستە، ڕستەکان لە ڕستیلەکان پێکدێن، ڕستیلە بریتیە لە دەستەیەك لە وشەکان کە لە کەمترین باریدا دەبێت بکەرو کرداری لەخۆگرتبێت، یان دەستەیەکی وشەکانە کە بەدوای کرداردا دێن، کە تەواوکەری بیری ڕستەکەن پێکەوە، دوو چەشن ڕستیلە هەیە (ڕستیلەی شوێنکەوتوو/ سەربەخۆ).

یەکەم: ڕستیلەی سەربەخۆ: ئەو چەشنەیە کە بکەرو کرداری هەیەو دەتوانێت خۆبەخۆ واتابگەیەنێتو ڕستەیەو سەربەخۆیە، سێ ڕێگەمان هەیە بۆ خستنەتەکیەکی ڕستیلە سەربەخۆکان:

ا. لێکدانی ڕستیلەکان لەگەڵ مۆرفێمەکانی خستنە تەکیەکدا (تەکخەر):

مۆرفێمە تەکخەرەکان شوێنیان لەسەرەتای ڕستیلەی دووهەمدایە، کۆما هەمیشە لەپێش ئەمانەوە دێن. تەکخەرەکان نیشاندەری پەیوەندی نێوان دوو ڕستیلەن، نووسەر دەتوانێت کام تەکخەرەیان باشترین خزمەت بە مەبەستەکەی دەکات ئەوەیان هەڵبژێرێت، بۆنموونە:

| مەبەستی نووسەر | تەکخەرەکان |
|---|---|
| بۆ زیادکردنی بیرێك | / و/ |
| بۆ نیشاندانی نێواندژی | /بەڵام، هێشتا/ |
| پێشکەشکردنی ڕایەك / هەڵبژاردەیەك | /یان، نە....نە/ |
| ئاماژەدان بە ئەنجامێك | / لەبەرئەوە/ |
| ئاماژەدان بە هۆکار | / بۆ/ |

١٠. نانم خوارد و خەوتم.

١١. نەخۆشبووم، لەبەرئەوە نەهاتم.

ب. ڕێگایەکی دی بۆ لێکدانی ڕستە سەربەخۆکان، بەکارهێنانی کۆمایە، کۆما لە خاڵبەندیدا، کاتێك دوو ڕستیلە بە توندی بیرەکانیان پەیوەند بن پێکەوە بەکاردەهێنرێن، وەك:

١٢. دوو گۆڵی یارییەکی زۆر بڵاوە لەلای گەنجان، هەموو گەنجێك دەیزانێت.

پ. پەیوەستکەری ڕستە: پەیوەستکەری ڕستە شوێنی لە سەرەتای ڕستیلەی دووهەمدایەو لەپێشیەوە کۆما دێت، وەك تەکخەرەکان

نیشاندەری پەیوەندی بیرەکانی ناو دوو ڕستیلەکانن.

| مەبەستی نووسەر | پەیوەستکەری ڕستە |
|---|---|
| بۆ زیادکردنی بیرێك | زیاتر لەوەش |
| بۆ ئاماژەدان بە ئەنجام | لەبەرئەوە/ لەسەرو ئەوەشەوە |
| ئاماژەدان بە ئەنجامێکی چاوەڕواننەکراو | لەگەڵ ئەوەی |
| بۆ زیادکردنی بیر | زیاتر لەوەش، هەروەها |
| بۆ کورتکردنەوە | لە کۆتاییدا، بەکورتی، بە پوختی |
| نیشاندانی چوونیەکی | هەروەك، وەکو، بەهەمان شێوە |
| نیشاندانی کات/ زنجیرە | یەکەم، دووهەم/ دواتر، کاتێك |
| نیشاندانی ئەنجام | بەم شێوەیە، وەك دەرەنجامێك، لەبەرئەوە |
| نیشاندانی پێچەوانە | بەهەرحاڵ، لەلایەکی ترەوە، بەپێچەوانەوە |
| نیشاندانی جەختکردنەوە | لەڕاستیدا، بەپێچەوانەی ئەمەشەوە |
| هێنانەوەی نموونە | بۆ نموونە، وەکو |
| بۆ ڕونکردنەوە | بە وشەیەکی تر، بەواتایەکی تر |
| گشتاندن | بەگشتی، سەرتاپا |

١٣. کۆششی زۆرم کردبوو، لەگەڵئەوەی کاتێکم دانا بۆ بینینی هاوڕێکانم.

دووەم: ڕستیلەی شوێنکەوتوو:

ئەمان بکەروکرداریان هەیە، بەڵام سەربەخۆو خۆبەخۆ ناتوانن لەسەر پێی خۆیان بوەستن، ئەمان شوێنکەوتوون ،لەبەرئەوەی لە وشەی لێکدەرو ڕستیلەیەکی سەربەخۆ پێکهاتوون، بڕوانە هاوکێشەی(٢).

٢.لێکدەر + ڕستیلەی سەربەخۆ = ڕستیلەی شوێنکەوتوو

١٤. کاتێك کە من تاوانبارکراوم بە تاوانێك.

١٥. لەکاتێکدا بەڕێگادا تێدەپەڕیم.

| مەبەستی نووسەر | لێکدەر |
|---|---|
| بۆ ئاماژەدان بە کات | لەکاتێکدا، کاتێك، وەك، هەرکاتێك، پێش، دوا، تاوەکو، جارێکیان |
| بۆ ئاماژەدان بەشوێن | لەکوێ |
| بۆ ئاماژەدان بەهۆکار | لەبەرئەوە، هەرچەندەڤن بزانە کە |
| بۆ ئاماژەدان بە پێچەوانەیی | سەرەڕای ئەوە، لەکاتێکدا |
| بۆ ئاماژەدان بە ئەنجام | هەروەها.....کە |

بە گشتی لێکدەرەکان ڕستیلەی شوێنکەوتوو و سەربەخۆ پێکەوە گرێدەدەن، بۆ پێکهێنانی ڕستە، لە گردبوونەوەی ڕستەکانیشدا پەرەگرافەکان بەرهەمدێن، بە پوختی بەرهەمهێنانی نووسین دەکەوێتەوە سەر چۆنێتی بەرهەمهێنانی پەرەگرافەکانو پەرەگرافەکانیش لەکارەکیکردنی پێواژۆ درکپێکردنەکانی دروستەی نووسینەوە سەرچاوە دەگرێت.

## ئەنجام

١.نووسین پێواژۆیەکی فیزیکیو ئاوەزیو چالاکییەکی ژیرییە، لەکارلێکی نێوان پێواژۆی بیرکردنەوەی باڵاو کارامەییە ئاوەزییە باڵاکانو پێواژۆی زمانەوانی، کە بەرهەمهێنانی هەموو دەقێك لەخۆیی دەگرێت پێکهاتووەو بە پێواژۆوە درکپێکردنەکانی(پلاناندان، گۆڕین، پێداچوونەوە) پەسنکراون.

٢.کردەی نووسین پێڕەوێکی تێکچڕژاوی پێواژۆوە ئاوەزییەکانە، یادگەی کارکەر ڕێژی ئەم پێڕەوە لەخۆدەگرێت، بۆیە کارامەیی نوسەر لەوەدایە چۆن ئەو زانیارییە کاتییانەی بۆماوەیەکی کەم لەم یادگەیەدا دەمێننەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکاتو چارەسەریانبکات.

٣.دروستەی نووسین بە دروستەی پەرەگراف پەسنکراوە، هەرچی پێواژۆوە درکپێکردنییەکانە لە بەرهەمێنانی نووسیندا بەم پێکهاتانە بەرجەستەکراون، ئەوانیش:ناونیشان، پێشەکی، ناوەڕۆك، یەکێتی بابەت، پەیوەندی لۆژیکی، پەیوەندی ڕێزمانی، کۆتایی /ئەنجام.

## سەرچاوەکان


### ا. بە زمانی کوردیی:

١. بۆکانی، سابیر(٢٠١٦)، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، سلێمانی،

٢. حسەین، شیلان(٢٠١٤)، زمانو پەرەپێدانی مرۆیی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، سلێمانی.

٣. حسەین، هەڤاڵ(٢٠٠٦)، ضةشنة ئةدةبي و رِؤذنامةنوسييةكان و رِةنطدانةوةيان لة «ذيان و ذين»دا(١٩٣٢-١٩٥٠)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٤. خلیل، ناهیدە(٢٠١٣)، زمانپژاندنو دیاردە سایکۆفۆنۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٥. فەرەج، هۆگر(٢٠٠٠)، پراگماتیكو واتای نیشانەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٦. مەحموود، ئاڤێستا(٢٠١٢)، پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٧. مەحوی، محەمەد(٢٠١١)، بنەماکانی سینتاکسی کوردیی، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

### ب. بە زمانی عەرەبی:

١. المسدی، عبدالسلام( ١٩٨٢ )، الاسلوبیە والاسلوب، الدار العربیە للکتاب.

**پ. به زمانی ئینگلیزی:**

1.David Galbraith, Stoke-on-Trent (2009), Cognitive Models of Writing, University of Southampton.

2.Hayes, J. R., & Flower, L. (1980). Identifying the Organization of Writing Processes. In L. W. Gregg, & E. R. Steinberg (Eds.), Cognitive Processes in Writing: An Interdisciplinary Approach (pp. 3-30). Hillsdale, NJ: Lawrence Erlbaum.

3.Hayes, J. (1996) A New Framework for Understanding Cognition and Affect in Writing. In: Carnegie Mellon University.

4.L. Flower, J. Hayes. (1981) A Cognitive Process Theory of Writing. Psychology College Composition and Communication.

5.Kellogg, R.T. (2008). Training writing skills: A cognitive developmental perspective. Journal of writing research, Saint Louis University | USA.

6.Zemach. D.E& Rumisek. L.A ( 2012). Academic Writing from paragraph ti essay. Macmillan.

7.Zemach & Islam (2012). Paragraph Writing from sentence to paragragh. Macmillan.

8.Byne.D(1988), Teaching Writing Skills,Logman, London.